# خەتەنە كردنی كچان لەنێوان رای شەرع و تێڕوانینی پزیشكی و ئارەزووی كچاندا

سمكۆ عەبدولكەریم

خەتەنە كردنی كچان مێژوویەكی دوورو درێژی هەیە، بەگوێرەی زانیارییەكان ئەم دیاردەیە وەك داب و نەریتێكی كۆمەلایەتی لەناوچە گەرمەكانی ئەفریقیا سەری هەلداوەو بەشێوەیەكی فراوانیش لەسەردەمی فیرعەونەكان پەیرەو كراوە، پەیتا پەیتاش تەشەنەی كردووەو تێكەل بەنەریتە كۆمەلایەتییەكانی گەلان بووە، بەم پێیەش پێ ناچێ هیچ پەیوەندییەكی سەرەتایی لەنێوان ئاین و ئەم دیاردەیەدا هەبێ. كۆمەلگەی كوردیش بەدەر نییە لەپەیرەوكردنی ئەم دیاردەیە، بەلام دیسان لێرەشدا خەلكانێك هەن نەك هەر زۆر بەجیددی جێبەجێی دەكەن بەلكو بە ئەركێكی پیرۆزیشی دەزانن، خەلكانێكیش هەن گوێی پێنادەن.

پاشان ئەم دیاردەیە بەبیانووی جۆراوجۆر نەتواندراوە روونبكرێتەوە رۆشنایی بخرێتە سەر لایەنە شاراوەكانی‌و، لەكاتێكدا ئەم دیاردەیە لەهەندێ ناوچەدا زۆر بەفراوانی جێبەجێدەكرێ‌و چەندین كێشەی كۆمەلایەتیشی لێكەوتووەتەوە.

لەو روانگەیەوە بەمەبەستی زیاتر رۆشنایی خستنەسەر لایەنە شاراوەكانی‌و روونكردنەوەی لایەنە خراپەكانی بەپێویستمان زانی ئەم ریپۆرتاژە مەیدانییە ئامادە بكەین، ئەگەرچی ئەنجامدانی ئەم رێپۆرتاژە بۆ ئێمە تۆزێك قورس بوو چونكە بەزەحمەت دەمانتوانی بەراشكاوی ئەو كەسانە بدوێنین كە پەیوەندییان بە مەسەلەكەوە هەیە، لەبەر ئەوەی خودی كردارەكە نهێنییەو بەشەرمەوە ئەنجامدەدرێ. وێرای ئەمەش زۆریان قایل نەبوون ناوی راستەوخۆیان بنووسرێ، بۆیە ئێمەش بەناچاری پیتمان لەشوێنی ناوەكانیاندا بەكارهێنا.

وەك ئاشكرایە جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان ئاینی ئیسلام و خەتەنە كردنی كچاندا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش خەلكێكی زۆر بەپشت بەستن بەمە پەنایان بردۆتە بەر ئەم نەریتەو نەك هەر بەسونەت بەلكو بەواجبیشی دەزانن. بۆ روونكردنەوەی لایەنە ئاینیەكانی ئەو مەسەلەیە بە باشمان زانی سەردانی چەند زانایەكی ئاینی بكەین و لەنزیكەوە راو بۆچوونەكانیان بزانین.

مامۆستا بەشیر خەلیل:

## خەتەنە كردنی كچان نەواجبەو نەفەرزە، بەلكو رێگای پێدراوە بۆ كاتی پێویست

سەرەتا سەردانی زاناو وتاربێژی ئایینی مامۆستا (بەشیر خەلیل حەداد)مان كردو لێمان پرسی:

* ئایا ئاینی ئیسلام چۆن دەڕوانیتە خەتەنە كردنی كچان...؟

بەڕێزیشی وەلامی داینەوەو گوتی:

- فرمانەكانی ئیسلام هەندێكیان نەگۆڕن (ثوابت) هەندێكیشیان گۆڕاون (متغیرات) هەر شتێك پەیوەندی بەبیرو باوەڕەوە هەبێت نەگۆڕە بەلام مەسائیلی كردەوەیی (الأحكام العملیة) كە پەیوەندی بەكردەوەكانی مرۆڤەوە هەیە لەژیانی رۆژانەدا وەك كڕین و فرۆشتن و بەڕێوەبردن، ئەمانە زۆربەیان بەگوێرەی ئیجتیهادی زانایان بەپێی بەرژەوەندی مرۆڤ و رەچاوكردنی كات و شوێن و عورفەوە دەگۆڕێن.

یەك لەو شتانەی كەحوكمی نەگۆڕ ( ثابت) نییەو بەپێی پێویست و بەرژەوەندی دەگۆڕێت (خەتەنەكردنی كچان)ە هەموو فەرمانەكانی ئیسلام بەگشتی بۆ قازانجی مرۆڤ و كۆمەل هاتووە، جا ئەگەر هەر فەرمانێك زیانی زیاتر بوو لەقازانجی، جێبەجێ ناكرێت. (خەتەنە كردن) چ بۆ پیاو چ بۆ ئافرەت بۆ قازانجی تەندروستی مرۆڤ داندراوە.

وانەبێت ئیسلام ئەم كردارەی داهێنابێ، بەلكو پێش سەردەمی پێغەمبەریش هەر هەبووە، ئیسلام كە هات چۆنیەتی‌و شێوەو حوكمەكەی دیار كرد.

بۆ پیاوان واجبەو یەکێکە لە (سنن الفطرة) واتە سروشتی مرۆڤ داوای دەکات و قبوڵیەتی، چونکە پاك و خاوێنی دەپارێزێت و زۆر قازانجی تریشی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەمە بووە هۆی زیانی تەندروستی بۆ پیاو، زانایان رێگایان داوە کە نەکرێت، بەڵام خەتەنە کردنی ئافرەت نەواجبەو نەفەرزە بەڵکو رێگای پێدراوە بۆ کاتی پێویست، هەندێ لەزانایان دەفەرموون (سوننەتە) هەندێکی تر دەفەرموون (مکرمة)یە واتە رێزلێنان و قازانجی ئافرەتە.

★ دیارە لەئەنجامی ئەم خەتەنە کردنەدا کچانێکی زۆر دوای شووکردنیان دووچاری گرفتی دەروونیو کۆمەڵایەتی زۆر بوونەتەوە بۆ روونکردنەوەی ئەم لایەنەش مامۆستا بەشیر دەڵێ:

- چۆنیەتی خەتەنە کردنەکە وایە کە پارچە چەرمێکی زۆر کەم لابرێت لەسەرووی ئەندامی مێینەی ئافرەت ناشبێ بە ئەندازەیەکی زۆر لابرێت چونکە دەبێتە هۆی زیان بۆ لایەنی دەروونیو کۆمەڵایەتی ژیانی ئەم ئافرەتە.

★ بەڵام ئاخۆ ئەم کارە لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) پەیڕەو کراوە یان نا..؟

-مامۆستا بەشیر دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا ئافرەتێك هەبووە ئەم کارەی دەکرد، پێغەمبەریش پێی فەرموو (أشمي ولاتنهكي فإنه ابهىء للوجه واحظى عند الزواج) (واتە زۆر کەم ببڕەو نەك زۆر، چونکە واباشترە بۆ جوانی ئافرەت و قازانجیشی هەیە بۆ شوکردن).

پاشان دەربارەی هۆی رێ پێدانی ئیسلام بۆ ئەم کارە مامۆستا بەشیر گوتی:

- هۆی رێ پێدانی ئیسلام بۆ ئەم کارە (والله اعلم) ئەوەیە کە هەندێك لەئافرەتان بەتایبەتی لەناوچە گەرمەکان لەشیان گەورەتر دەبێت و ئەو پارچە چەرمەش لەرادەی سروشتی خۆی زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی وروژاندنی جنسی بەردەوام بۆ ئافرەت و تێکدانی باری دەروونیو کۆمەڵایەتی. بۆ ئەم مەبەستە ئیسلام ئەم ئیحتیاتەی داناوەو رێگای پێداوە، نەك فەرزو واجب بێت بەسەر هەموو ئافرەتان، هەروەها دەربارەی ئەوەش کە هەندێ شتی خورافی بەناوی دینەوە هەڵبەستراون بەرێزی گوتی:

- هەندێ شتی خورافی هەیە سەبارەت بەم کردارە وەك دەڵێن گوایە، پێغەمبەر(د.خ) بە فاتیمەی کچی فەرمووە لەبەر ئەو سوێندەی کە خواردوویەتی پارچە گۆشتێك لەشوێنێکی کچەکەی ببڕی کە نەبینرێت، یان دەڵێن هەر ئافرەتێك خەتەنە نەکرابێت دەستاوی حەرامە یان پیسە، ئەمانە هیچیان راست نین و پەیوەندییان بەئیسلامەوە نییەو هەڵەیە.

لەکۆتایشدا مامۆستا بەشیر گوتی:

بێگومان ئەنجامدانی ئەم کارە بەزۆر یان تەلاقدانی ئافرەتی خەتەنە نەکراو، یان لابردنی بەشێکی زۆر لەکاتی خەتەنە کردندا ئەمانە تاوانن دژی ئافرەت ئەنجام دەدرێن و لە شەرعدا حەرامن پێویستە کۆمەڵگە وشیاربێت و بەتەواوی لەشەرعی خوا بگەن و بەچاوێکی کراوەتر بڕواننە ئەم جۆرە شتانە.

هەروەها دەربارەی هەمان بابەت و بۆ بەدواداچوونی زیاتر سەردانی زانای ئاینی مامۆستا (تاهیر شێخ محەممەد زین العابدین)مان کردو هەمان بابەتمان رووبەڕوو کردەوە.

مامۆستا تاهیر شێخ محەممەد زین العابدین:

## خەتەنە کردن و نەکردنی پەیڕەوە لەفقهی ئیسلام و سوننەتە، دەکرێ بکرێو دەشکرێ نەکرێ

سەرەتا بەڕێزی بەوە دەستی پێکردو گوتی:

- چەند رەوشتێك لەئیسلامدا هەن پێیان دەوترێت رەوشتە سروشتیەکان (سنن الفطرة) لەئاینی حەزرەتی ئیبراهیمەوە بوونەتە باوو هاتوونەتە کایەوە، لەئیسلامیشدا پەیڕەو کراون و دەکرێن. لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە کە پەروەردگار بەحەزرەتی (ئیبراهیم)ی فەرموو (ئێمە تۆمان کردووە بەپێشەوا بۆ خەڵك ئەی ئیبراهیم).

فرمانیشی داوە بەپێغەمبەری ئیسلام(د.خ) پەیڕەو لەیەکتا پەرستی ئیبراهیم و رەوشتە سروشتیەکانی بکات وەکو:

(خەتەنە، تاشینی مووی بەر، هەڵکێشانی مووی بن باڵ، بەرسمێڵ کردن، قرتاندنی نینۆك) هتد. یەکێ لەو رەوشتە سروشتیانە (خەتەنە)یە کە ژمارەیان دەگاتە (10) دانە، لەپیاواندا یەکەم کەس حەزرەتی ئیبراهیم و لەئافرەتانیشدا (هاجرە) خاتوونی هاوسەری ئیبراهیم ئەو رەوشتەیان پەیڕەو کردووە بەپەیڕەو لە داب و نەریتی ئەو ئاینە پیرۆزەو پەیڕەو لەرەوشتە سروشتیەکان،

زانایانی (فقهی ئیسلام)، پێشەوایانی گەورەی موسڵمانان هاودەنگن بە(اجماع) لەوەدا کە خەتەنە لەئیسلامدا مەشروعە بۆ هەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ)، بەڵام دەربارەی حوکمەکەی جۆرە جیاوازییەکیان لەنێواندا هەیە.

مامۆستا تاهیر لەدرێژەی قسەکانیدا دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ خەتەنە کردنی کچان لەئاینی ئیسلامدا واجبە یان سوننەتە گوتی:

- بەشێك لەزانایان دەفەرموون خەتەنە بۆ هەردوو ڕەگەز واجبە. بەشێکی دی دەفەرموون بۆ هەر دوو ڕەگەز سوننەتە.

بەڵام زۆربەی زۆری زانایان دەفەرموون نێرو مێ فەرقیان هەیە، خەتەنە بۆ نێرینە واجبە، بۆ مێینەش سوننەتە بەڵام فەرموودەی پێشەوامان ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و فەرموودەی بەهێزی زۆر لەزانایانی مەزهەبی پێشەوامان شافعی ڕەحمەتی خوایان لێبێت هەیە کە خەتەنە بۆ ئافرەت سوننەتە، واجب نییە لەسەریان ئەوەش پاڵپشتە بەو فەرموودەیەی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) کە فەرموویەتی خەتەنە سوننەتە بۆ پیاوان، بۆ ئافرەتانیش ڕێزو قەدرو پایە پێدانیانە، فەرموودەی ئیمامی مالکیش لەگەڵ ئەم رایەدا یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەو لەو بڕوایە دایە کە بۆ هەردوو ڕەگەز سوننەتە، کەواتە بۆ ئافرەتی موسڵمان ڕەوایە بەهەر کام لەو دوو رایە کار دەکات ئەگەر پەیڕەو لەفەرموودەی ئەوانە دەکات کە دەفەرموون واجبەو خەتەنەی کچ دەکات با ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر لەبەرچاو بگرن کە فەرموویەتی بەو ئافرەتانەی کە کارەکەیان دەکرد (دایکی عەتییە سوننەتیان بکە، بەڵام لەبنا خشت مەیبڕەو لەکۆترەی مەدە، چونکە ئاوا ئافرەتەکە زیاتر شەوقی دەبێو پیاوەکەشی زیاتر کەیفی هەڵدەستێ).

لەکوردەواریشدا مەشهورە کە دەڵێن (خەتەنە سوننەتە، بەڵام نەکو لە بنڕا) ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك چ جەستەیی چ دەروونی نەدەویسترا کیژ خەتەنە بکرێت خۆی یان خاوەنی با بەپەیڕەو لە فەرموودەی هەردوو  پێشەوا (احمدو مالك)و فەرموودەی زانایانی مەزهەبی شافیعی (هەزاران ڕەحمەتیان لێبێت) کار بکات تا لەچوارچێوەی فقهی ئیسلامدا بمێنێتەوە بەوە هیچ گوناهبار نابن چونکە لە هەردوو حاڵەتدا واتە (خەتەنە کردن و نەکردن) پەیڕەوە لەفقهی ئیسلام.

ئەحکامی تەکلیفی ڕودەکەنە ئیمانداڕانی موسڵمان، واجبە مرۆڤی موسڵمان لەچوارچێوەی فقهی ئیسلام دەرنەچێت فقهی ئیسلام گونجاوە بۆ هەموو کات و بۆ هەموو شوێنێ بۆ هەموو سەردەمێ، پەروەردگار ئاسانکاری ویستووە بۆ بەندەکانی.

کە دەریای فقهی ئیسلام چوار مەزهەبە وەکو چوار جۆگەی گەورە هەڵکراون بۆ هەر ئیمانداڕێ ڕەوایە لە هەر جۆگەیەکیان هەڵدەگوزێت، پێشەواکان زۆرجار هاودەنگن لەمەسەلەکاندا وەبە (اجماع) ڕایان لەسەر داوە وەکو مەشروعیەتی خەتەنە بۆ هەردوو ڕەگەز، زۆر ڕوودەدات کە بۆ چوونە فقهیەکانیان تاڕادەیەك جیاوازییان تێدا دەبێت، وەکو حوکمی خەتەنە بەتێکڕا، یاخۆ حوکمی خەتەنە لەنێرو مێداو جیاوازییان، مەسەلەی خەتەنەی ئافرەت بۆ ئەوە ناشێت کێشەی گەورەی لێ پەیدا بێت، وەکو باسمان کرد دوو ڕەئیە هەردووکیان لەچوارچێوەی ئەو چوار مەزهەبەی فقهی ئیسلامدان ئیختیار بەدەستی موسڵمان خۆیەتی پەیڕەو لەکام پێشەوا دەکات.

دەربارەی ئەو قسەیەش کە دەڵێن ئافرەتی سوننەت نەکراو نان و ئاوی دەستی حەرامە، دەستاوی حەرامە، قسەیەکی پوچ و بێ بایەخە حەرام و حەڵاڵی دەستاو دەخلی بەخەتەنەوە نیە، ڕەنگە شۆرەتی ئەو قسە لەبەر هەڵنانی خەڵك بێت کە ناتوانن ئەو داب و نەریتە سروشتیانە پەیڕەو بکەن و وازیان لێ نەهێنن، بۆ هەمان مەبەست لە عەبدوڵلای کوڕی عەباسی دەگێڕنەوە فەرموویەتی شایەتی دانی پیاوی خەتەنە نەکراوو سەربڕاوی دەستی دروست نیە.

( ك . م):

## خەتەنە کردن غەدر کردنێکی گەورەیە لەکچان

لەنێو کچانیشدا (ك.م) کچە خوێندکارێکی کولیژی ئاداب تەمەن (30) ساڵانمان دواندو ئەویش دەربارەی ئەو بابەتە گوتی:

- خەتەنەکردنی کچان کارێکی زۆر خراپە هەتا زووە دەبێ هەوڵبدرێ قەدەغە بکرێ، بێگومان ئەوەی من ئاگاداربم ئەم دیاردەیە زیاتر پەیوەندی بەناوچە گەرمەکانەوە هەیە چونکە لەو ناوچانەدا کچان لە تەمەنەکانی (10-12) ساڵیەوە بالغ دەبن، دەگێڕنەوە هەر لەو ناوچانەدا ئافرەتەکان کاتێك سواری حوشتر دەبوون خۆیان لێدەخشاند بۆیە باشترین شت کە بەبیریاندا هاتبێ خەتەنەکردنیان بووە. کەواتە ئەو مەسەلەیە تارادەیەك پەیوەندی بەباری جوگرافیو سروشتی ناوچەکەوە هەیە، بەڵام ئێستا بەهۆی

گەشەسەندنی باری تەکنەلۆژیا خەریکە حاڵەتەکان دەگۆڕێن، هەر بۆیەشە بەگوڕتر کرداری خەتەنەکردن ئەنجامدەدرێ کە سەرەنجام ئەمە غەدرێکەو لەکچ دەکرێ.

خاتوو زەینەب:

## خەتەکردنی کچان بۆ ئەو سوێندە دەگەڕێتەوە کە حەزرەتی فاتیمە لە کچەکەی خۆی خوارد.!!

بێگومان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم کردارە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگێڕدرێتەوە لەوانە (دەستاوی) حەرامەو، هەروەها کەسانێکیش هەن پێیان ئەرکێکی ئاینییەو دەبێ بکرێ ئەوەتا (خاتوو زەینەب)ی تەمەن (31) ساڵان کە تاکو پۆلی دووی ناوەندی خوێندووەو ئێستا کچی ماڵەوەیە بەم شێوەیە لەخەتەنە کردنی کچان دەدوێ:

پێم وایە شتێکی واجبەو پێویستە کچان خەتەنە بکرێن، چونکە لەکۆنەوە ئەمە کراوەو ئێستاش پێویستە بکرێ ئۆباڵەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی دایکی ئەگەر نەیکات، ئەمە جگە لەوەی کە دەستاویشی حەرامە. بۆ زیاتر روونکردنەوەش گوتی: ئەو مەسەلەیە بۆ سەردەمێکی زوو دەگەڕێتەوە، وەك دەگێڕنەوە حەزرەتی (فاتیمە) سوێند دەخوات کە پارچە گۆشتێك لەکچەکەی بکاتەوە، بەڵام کاتێك کە کچەکەی دێتە بەرامبەری چەندی دەکات دەستی ناگرێت ئەوە بکات بۆیە بەناچاری دەچێتە لای خۆشەویست (محەممەد)(د.خ)و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕیتەوە، ئەویش پێیدەڵێ کە دەتوانێ پارچە گۆشتێکی کەم لەجێگایەك بکاتەوە کە دیار نەبێ‌و بێ عەیب بێ.

مامۆستا تریفە:

## بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ خەتەنە کردنی کچاندانیم، چونکە واجب نییە

هەروەها مامۆستا تریفە کە تەمەنی 65 ساڵە دەربارەی هەمان مەسەلە گوتی:

بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نیم کە کچان خەتەنە بکرێن، چونکە واجب نییە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کچە تووشی سستی‌و نەخۆشی دەبێ بەتایبەتی لەو کاتانەی دەبینێ سوونەتی کوڕان بەئاشکرا دەکرێ کەچی هی کچان بەدزییەوە لەلای پیرێژنێك دەکرێ ئەم دیاردەیەش هەر لەکۆنەوە هەبووە، خەڵکی پێیان وایە سونەتەو دەبێ بکرێ، ئەو کاتەش خەڵکی هێندە هەژارو نەخوێندەوار بوونە باوەڕیان بەهەموو قسەیەك کردووە لەباری دەروونیشەوە زۆر خراپە کاتێك دەبینێ دەیبەنە لای مامانێك یان لای پیرێژنێك بەکەیفی خۆی، بەبێ ئیزنی کچەکە خەتەنەی دەکەن و پاشانیش لەناو تەشتێك سماقاو دادەنرێت و دەیباتەوە ماڵ، بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە پێویستە قەدەغە بکرێ‌و هەر مامانێك ئەوەی کرد سزا بدرێ.

پاشان مامۆستا (مژدە)ی تەمەن (44) ساڵ پێی وابوو کە ئێستا ئەم دیاردەیە تارادەیەکی باش کەم بۆتەوە بەڵام گوتی:

ئەگەر بە یەکجاری نەکرێ هەر زۆر باشترە، چونکە زۆر جاران ئەو کچەی کە خەتەنە کراوە تووشی خوێن بەربوون بووەو مردووە.

دواتریش بۆ زیاتر بەدوا داچوونی ئەم دیاردەیەو تێگەیشتنی وردتر لەم بارەیەوە پێمان باشبوو ڕاو بۆ چوونی یەکێك لەو کەسانەش وەربگرین کە کاری خەتەنە کردن دەکەن.

(ب.ع)ی سونەتکەرو مامان:

## دوو بووکمان تەلاق داوە لەسەر ئەوەی ئامادەنەبوون خەتەنەیان بکەین

بۆ ئەم مەبەستەش (ب.ع) کە تەمەنی (70) ساڵەو (31) ساڵیشە کاری سونەتکردنی کچان دەکات و خوێندەواریشی نییە گوتی: کاری خەتەنە کردنم لە داپیرمەوە بۆ ماوەتەوە، دایکیشم مامان بووە کاری خەتەنەکردنیشی دەکرد، منیش بەهەمان شێوە ماوەیەکی دوورو درێژە نزیکەی (31) ساڵ دەبێ ئەو کارە دەکەم، ئەم پیرێژنە بەرادەیەکی زۆر بەرگری لەخەتەنە کردن دەکردو دەیگوت:

زۆر زۆر پێویستە ئەوە بکرێ، چونکە کاتێك کە کچان تەمەنیان دەگاتە (8) ساڵان لەبەرامبەر کوڕاندا شەهوەتیان پەیدا دەبێ لەکاتی خۆشوشتنیشدا بەدەست لێدان زەوقیان هەڵدەستی، بۆیە ئەگەر خەتەنە بکرێن ئەوەیان پێناکرێ دایکیشی تووشی هەڵە نابێت زۆر جار کچ هەبووە داری لەناولینگی خۆی خشاندووە زۆر جاریش لەکاتی بەرزبوونەوەی زەوقیدا خۆی کردۆتە ژن، بۆیە لەجیاتی ئەوەی دووچاری کوشتن ببێتەوە خەتەنە بکرێن باشتر نییە-؟

هەر ئەو پیرێژنە دەڵێ:

زۆر جار لەکاتی کارەکەمدا سەیری خێزانەکە دەکەم ئەگەر بزانم خێزانێکی هەژار و شەرمنن ئەوە کەمتری لێدەکەمەوە، چونکە ئەو جۆرە خێزانانە کەمتر تووشی هەڵە دەبن.

هەروەها دەربارەی ئەوەی کە گوایە دەستاوی حەرامە گوتی:

ئەو قسەیەش راستە کە دەڵێ دەستاویان حەرامە ئەمە هەر لەکۆنەوە هەیە من بۆ خۆم چەندین جار کە ژنان بۆ منداڵ بوون هاتوونەتە لام کاتێك سەیرم کردووە خەتەنە نەکراون یەکسەر خەتەنەم کردوون، چونکە ئەوە دەکەوێتە سەر منیش، دەستاویشی حەرامە، ئەو خواردنەی کە ئامادەی دەکات حەرامە. ماڵی خوشکەکەم دوو بووکیان تەلاق دا لەسەر ئەوەی کە خەتەنە نەکرابوون و نەشیان دەهێشت خەتەنە بکرێن.

خاتوو چیمەن رەشید:

## دەبێ بڕیارێکی رەسمی بۆ نەهێشتنی خەتەنەکردنی کچان بدرێ

دوا بەدوای ئەوەش بەباشمان زانی راو بۆچوونی رێکخراوەکانی ئافرەتانیش بزانین بۆ ئەم مەبەستەش (چیمەن رەشید) ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەم جۆرە دواو گوتی: جێگای داخە ئەم کارە دواکەوتووە تائێستا ماوە (سبحانە اللّە) ئەم دونیایە زۆر سەیرە دەستکاری ئایەتی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) دەکەن ئایا لەهیچ ئایەتێکی قورئاندا یان فەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە کە دەبێت کچ خەتەنە بکرێ، ئەمە تەنیا لەلای هەندێ کەسی نا رۆشنبیر هەیە.

هەروەها هەندێك مەلاو پیاوی ئایینی فتوایان لەسەر داوە خەڵکی خەشیمیش بڕوایان پێدەکەن، رۆژ دوای رۆژیش ئەم کردارە کێشەی زیاتری لێدەکەوێتەوە، بۆ نمونە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە وا دەزانێت غەدرێکی گەورەی لێکراوە لەڕووی دەروونیشەوە ئەو کچە هەستی زۆر ناسك دەبێ چونکە پێی وایە ئەو مەسەلەی خەتەنە کردنە کارێکی عادەتیو تەقلیدییە لەهیچ سەرچاوەیەکی ئاینیشدا نەهاتووە، بۆیە دوور نییە تووشی زۆر نەخۆشی دەروونی بێت، لەڕووی تەندروستیشەوە رەنگە ئەو شتەی بۆ خەتەنە کردن بەکاری دێنن تەواو پاك نەبێ چونکە ئەم کارە لەماڵان دەکرێ نەك لەنەخۆشخانەکان هەروەها دوور نییە ئەم کچە تووشی تەسەمومی خوێن یا گزاز یان هەر نەخۆشییەکی تر ببێت. زۆر جاریش کچە کە دووچاری خوێن بەربوون دەبێت حاڵەتی واش هەیە گیانی لەدەست دەدات.

دیارە تاکە زەرەرمەندیش لەم کارەدا تەنیا ئافرەتە بۆیە ئێمە وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێمان باشەو پێویستە هەوڵبدرێ سنورێك بۆ ئەو دیاردەیەی خەتەنە کردنە دابنرێ بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ بڕیارێك لەلایەن دەزگا بەرپرسەکان دەربچێت بۆ قەدەغە کردنی ئەم کارە ناشارستانییەو سزادانی ئەو کەسانەی بەو کارە هەڵدەستن لەلایەکی تریشەوە هەوڵی زیاتر بۆ رۆشەنکردنەوەی بیری ئافرەتان بدەین لەم بوارەدا، ئەویش لەرێگای کۆڕو سیمنارو بەرنامەی جۆراوجۆر.

د. عادل حوسین:

## ژن هەیە چوار منداڵی هەیەو تائێستا چێژی سێکسی نەبینیوە

## دیارە خەتەنە کردنی کچان سەرەنجام دەبێتە هۆی تێکچوونی باری سێکسیو نەگەیشتن بە لووتکەی (ئۆرگازم) .

هەر وەك دکتۆر عادل دەڵێ:

لە ئەنجامی خەتەنەکردندا ئافرەت بەئاسانی ناوروژێ، بەتایبەتی ئەگەر بێتوو هاوسەرەکەی رۆشنبیرییەکی سێکسی نەبێ، هەروەها لەوانەیە نەگات بەلووتکەی چێژی سێکسی هەتا ئەگەر کرداری سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا پاش نیو کاتژمێر یان کاتژمێرێکیش دووبارە بێتەوە. دووریش نییە کە ئافرەت بە یەکجاری نەگات بەم حاڵەتە کە ئەمەش دەبێتە هۆی نەزۆکییەکی کاتی، چونکە لێرەدا ئافرەت پێویستی بەرێگای تری وروژاندنەوە هەیە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە.

پاشان دکتور عادل ئاماژەی پتر بۆ ئەو مەسەلەیە کردو دەڵێ:

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ گەیشتن بەلوتکەی چێژ زۆر دوادەکەون کە ئەمەش پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە خەتەنەکردنی کچان و نەبوونی رۆشنبیری سێکسییەوە هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش نمونەیەك دێنێتەوە و دەڵێ:

خۆم ژنێکم بینیووە کە چوار منداڵی هەیەو بە خۆشەویستیش شووی کردووە، بەڵام تائێستا یەك جاریش نەگەیشتووە بەلوتکەی چێژی سێکسی، هەر چەند هیچ نەخۆشییەکیشی لە لەشدا نەبووە باری دەروونیشی تەواو بووەو هیچ ناکۆکییەکیشی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا نەبووە.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خەتەنە کردنی کچان زیانێکی زۆر بەژیانی سێکسی ئافرەت دەگەیەنێو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ساردی (کزی) سێکسی، پاشان بۆ زیاتر تێگەیشتن لە رووە زانستییەکەی و رۆشنایی خستنە سەر لایەنە شاراوەکانی تری ئەم دیاردەیە دکتور عادل گوتی:

ئەندامی میتکە (clitoris) دەکەوێتە سەرووی کونی میزەوە لەگۆشەی سەرەوەی بە یەکگەیشتنی هەر دوو لەپی بچووکی دەزگای زاوزێی ئافرەت. میتکە ئەندامێکی زۆر گرنگە لەکرداری سێکسدا، بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمی کرداری سێکسدا کە بەگرنگترین قۆناغی کارو کاردانەوەی کرداری سێکس لەقەڵەم دەدرێو پێی دەگوترێ قۆناغی وروژان (Excitement) کە لەیەك خولەك تا (3) کاتژمێر بواری کاتی هەیە، هەندێك کەس زوو دەگەنە لووتکەی قۆناغی وروژان کە لەچەند خولەکێك یان نیو کاتژمێر تێپەرناکات، زوو وروژان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ لەبەر زۆر هۆکار کە لێرەدا جێگای باسکردنیان نییە، ئافرەت بەگشتی کاتی زیاتری پێویستە تا لەلایەنی سێکسییەوە بەتەواوی بوروژێ بە بەراوردکردنی لەگەڵ پیاودا کە بەگشتی زوو دەوروژێ (کە لەوانەیە تەنیا لەماوەی چەند خولەکێکدا ئەم قۆناغە ببڕێ). سەرەڕای ئەوەی کە ئافرەت (بەسروشتی خۆی) لە سەرخۆیە لەقۆناغی وروژاندا، بەڵام ئەگەر خەتەنە کرابێ ئەوا زیاتر دوادەکەوێ لەم قۆناغەدا، لەوانەشە هەر نەوروژێ، چونکە پەیوەندییەکی توند لەبەینی زوو وروژان و میتکەدا هەیە، چونکە میتکە ئەندامێکی زۆر هەستیارە کە درێژیەکەی لەنێوان (2.5-1) سانتیمەتردایە، بەتایبەتی لەقۆناغی وروژاندا میتکە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە بۆ زوو وروژاندنی ئافرەت و ئامادەباشی بۆ گەیشتن بەلووتکەی چێژی سێکسی (Orgasm) کە تەنها (15-5) چرکە دەخایەنێ. خەتەنە کردنی ئافرەت زیانێکی زۆر بەژیانی سێکسی ئافرەت دەگەیەنێ، زۆر جاریش وای لێدەکات کە نەگا بە لووتکەی چێژی سێکسی (ئۆرگازم) بەتایبەتی ئەگەر پیاوەکەی قۆناغی وروژان درێژنەکاتەوەو رۆشنبیری سێکسی نەبێت و بەخۆشەویستی نەبووبێتە هاوسەری ئەم ئافرەتە، ئەمە جگە لەرۆڵی باری دەروونی ئافرەت و نەبوونی نەخۆشی لە لەشیو بەتایبەتی لەدەزگای زاوزێیدا، چونکە بوونی ئەم نەخۆشیانە بارەکە ئاڵۆزتر دەکەن. کە میتکە دەبڕدرێ (خەتەنە دەکرێ) لەئافرەتدا لەلایەن هەندێك کەس کە ئەلف و بێی تەندروستی نازانن، لەوانەیە شوێنی بڕینی میتکە دووچاری هەو کردن بێت و ئاڵۆزی تری لێ بکەوێتەوە، هەرچەندە چارەسەر کردنی هەوکردن ئاسانە بەهەندێك دەرمان لەلایەن پزیشك، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە میتکە ئەگەر بڕرا (خەتەنە کرا) ئەوا بەهیچ شێوەیەك دروست نابێتەوە (لەهیچ تەمەنێکدا).

---

تیبینی/ئەم ریپوتاژە بە هاوکاری سەوسەن ئیبراهیم ئامادەکراوە و لە ژمارە 110 ی رۆژنامەی میدیادا بلاوکراوەتەوە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ماوەیەکە ئەم دیاردەیە بۆتە جیی باس و گفتوگۆ لە ناوەندەکانی راگەیاندن پێم باش بوو لێرەدا جارێکی دیکە بلاو بکرێتەوە